**ئەڵمانیا..لەڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەنووسیدا:**
**کۆمپانیای ( گێرمەنیا)گەشتەکانی بۆ کوردستان ڕادەگەیەنێ و ئاماژە بە نەشونماو**
**گەشەسەندنەکانی هەولێرو سلێمانی دەکات**




Pukmedia 28.10.2010

**بە ناونیشانی (لە میونشنەوە بێ ڕاوەستان بۆ عێراق) کۆمپانیای ناسراوی (گێرمەنیا)ی ئەڵمانی لەڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەنوسیدا گەشتە نوێیەکانی هەفتانەی میونخ- سلێمانی و میونخ هەولێر پشتڕاستدەکاتەوە..**

**کۆمپانیای گێرمەنیا کەبارەگاکەی لەناو فرۆکەخانەی (تیگل)ی نێودەوڵەتی بەرلیندایە پلانی گەشتەکانی هەولێرو سلێمانی لەڕێگەی گرێبەستێکەوە لەگەڵ کۆمپانیای دوکان ئێردا ڕادەگەیەنێ..**

***بۆ ئەم مەبەستە لایەنە بەرپرسەکانی کۆمپانیای (گێرمەنیا) ڕۆژی26/10/2010لەمیانەی ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەنوسیدا ڕایانگەیاند کەگەشتەکانیان فراوانکردوە،بەشێوەیەک..کە لەفڕۆکەخانەی(میونخ)وە هەفتانە بۆ هەریەک لەهەولێرو سلێمانی لەعێراق گەشتەکانی لەڕێگەی کۆمپانیای دوکان ئێرەوە ئەنجام دەدات..وەک لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە ئەو گەشتانە بەپێی ڕێوشوێنێکی نوێ لەپایتەختی هەرێمی باڤاریای ئەڵمانیاوە بۆ ئەو دووشارە بەردەوام دەبێ..**

**لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە ڕۆژی چوارشەممەی 1/12/2010 کاتژمێر20,40 دەقیقە لە میونخەوە بۆهەولێر بەگەشتی ژمارە(ST4890) دەستپێدەکات وکاتژمێر2,40 دەقیقەی بەیانی ڕاستەوخۆ دەگاتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.**

***هەرەوەها ڕۆژی دوشەمە6/دیسەمبەری2010 کاتژمێر20,20 دەقیقە بەکاتی ئەڵمانیا لە میونخەوە گەشتی ژمارە(ST3514) بۆفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دەستپێدەکات و کاتژمێر 2,30 دەقیقەی بەیانی بەکاتی ئەو وڵاتە دەگاتەجێ..**

***لەو لێدوانە ڕۆژنامەنوسیەدا ئاماژە بە نرخی بلیتی ئەو گەشتانەشەش کراوە کە بۆ هەرسەرێک تەنیا 275یۆرۆیە**

***لەبەشێکی ڕاگەیاندنەکەدا کەوێنەیەکی دەست pukmediaکەوتوە لەزاری(John Kohlsaat) بەڕێوەبەری کاروباری بازرگانی لەو کۆمپانیایەدا هاتووەو نوسیویانە سلێمانی یەکێکە لەناوەندە بازرگانیەگرنگەکان ویەکێکیشە لەو شارانەی کەلەو وڵاتەدا لەڕووی گەشەو نەشونماوە پەرەی سەندووە.. لەلێدوانەکەی**

**بەڕێوەبەری بازرگانیدا ئەوەش هاتووە کەگێرمەنیا ئەو گەشتانەی بۆ بەهێزترین ودووشاری عێراق لەڕووی ئابووریەوە واتە(هەولێرو سلێمانی) بەهاوبەشی ئەنجام دەدات.. ئەودووشارە نەشونمایەکی ئابووری بەهێزبەخۆیی ودانیشتوانەکەیەوە دیارە..تەنانەت لای پیاوانی خاوەن کارو هاوڵاتیانی عێراقی دانیشتووی ئەڵمانیاش بۆتە جێی بایەخی گەورە..لە بەشێکی تری لێدوانە ڕۆژنامەنوسیەکەدا هاتووە ئەو هەنگاوەی گێرمەنیا دوای ئەوەهاتووە کەعێراق لەسەروبەندی بنیاتنانەوەیدا بەتایبەتی لەبواری گەشتە ئاسمانیەکانیدا بینیویانە گەشتەکانی نێوان ئەو فڕۆکەخانانەو بەیروت و دیمەشق و حەڵەب سەرکەوتوو بووەو پەیوەندی بەردەوامیشیان لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا هەیە..لە کۆتایی لێدوانە ڕۆژنامەنوسیەکەدا ئەوەشیان خستۆتە ڕووکە کۆمپانیای گێرمەنیا بارەگای سەرەکی لەناو فڕۆکەخانەی(تیگل)ی نێودەوڵەتی بەرلین دایەولەساڵی1979وە دامەزراوەو (٦٠٠)کارمەندی هەیەو گەشتەکانی تا ئێستا (30)وڵاتی گرتۆتەوەو تەنیا لەساڵی 2009 دا ژمارەی ئەو گەشتیارانەی کەبەگەرمەنیا سەفەریان کردوە گەیشتۆتە 2,5 ملیۆن ونیوو لە ئێستادا 15 فرۆکەی بۆینگ 737 لەکارکردن وبەکرێداندایەو لەلایەن ستافێکی کارامەوە بەرچاوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتیە بەرزەکان بەڕێوەبرێ و ئاگاداری دەکرێ..**

***شایانی باسە پێشتریش کۆمپانیای دوکان ئێر وەک کۆمپانیایەکی ئەڵمانی کوردی لەبواری گەشتی ئاسمانیدا گرێبەستی ئەم گەشتانەی لەگەڵ گیرمەنی لەلایەک ولەگەڵ کۆمپانیای ئەزمڕ ئێری ناسراوو بەناوبانگی کوردستانی عێراق ئیمزاکردو ئێستا وەک پرۆژەیەکی هاوبەش لە1/12/2010 بەهاوبەشی ئەو گەشتانە ئەنجام دەدەن و لەم ڕووەشەوە ڕۆژی 14/10/2010 لە ڕاگەیاندنێکدا هەردوو کۆمپانیایەکگرتنی خۆیان لەو کارەهاوبەشەدا ڕاگەیاند..بەم پێیەڕۆژبەڕۆژ بواری گەشتە ئاسمانیەکان فراوانتر دەبێت وفڕۆکەخانەکانیشمان ڕوو لەگەشەسەندن و پەرەپێدانی گەشتەکان دەکەن...شایانی باسە جگە لەماڵپەڕی ڕسمی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی میونشن کە پلانی گەشتەکانی دابەزاندوە سایتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانیش هەواڵی ئەو گەشتانەو کاری هاوبەشی دوکان ئێرو ئەزمەر ئێری لەهەواڵەکانی خۆیدا بڵاو کردۆتەوە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو لێدوانە ڕۆژنامەنوسیەی کۆمپانیای گێرمەنیا دەتوانی کلیکی ئێرە بکەی:**

http://austrianaviation.net/cms/news-international/news-detail/datum/2010/10/27/germania-zwei-neue-irak-destinationen.html

**بۆ بینینی هەواڵی دەستپێکردنی ئەو گەشتانە لە لایەن گەرمەنیاوە بەهاوکاری دوکان ئێرو ئەزمرئێر بڕوانە سایتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی:**

http://www.sul-airport.com/Details.php?ID=97